ئەعرەجی جەختیکردەوە عێراق سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ ئێران

هاوڕێکاری ئاسایشی نێتەوەیی ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە جەختی لەوەکردەوەکە عێراق سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ ئێران. نووسینگەی ڕاگەیاندنی هاوڕێکاری ئاسایشی نێتەوەیی قاسم ئەعرەجی لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەعرەجی ئەمڕۆ لە نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازیکرد لە فەرماندەی پۆلیسی ئێرانی لیوا احمد ڕەزا وشاندی یاوەری ئەویش بەئامادەبوونی باڵیۆزی ئێران محمد کازم ئال سادق، لەدیدارەکەدا هەردوولا باسیان لە هاوکاری ئەمنی و پتەوکردنی پێوەندیەکان کرد.

ئەعرەجی جەختیلەوەکردەوەکە بەقوربانیدانی عێراقیەکان ئاسایشی عێراق بەدیهات. ئاماژەشی بەوەکرد کە حکومەتەکەی سودانی سوورە لەسەر بەردەوامیدانی پێوەندیەکان لەگەڵ ئێراندا بە بەرژەوەندی هەردوولا، هەروەها سەرۆک وەزیران هەمیشە جەختدەکاتەوەسەر قەدەغەکردنی بەکارهێنانی خاکی عێراق بە هەڕشکردنە سەر دراوسێکانی. لەلایەن خۆشیەوە لیوا ئەحمد ڕەزا جەختیلەوە کردەوەکە وەاتەکەی هەمیشە لەکەششدایە بە پتەوکردنی هاوکاری نێوان هەردوولا وگەیەنەوەی زانیاری لەگەڵ عێراقدا.